بەشی (6):

# مردن لە پێناو ئەوین دا

جان ئاپدایك

و. لە فارسییەوە: كامیل نەجاری

بەرهەمەكانی "گابرییل گارسیا ماركێز" هەڵگری رادەیەكی زۆر لە ئەوینن كە بە شێوەی چارەنووسی تار و نادیار، خاوەنداریێتیی شەیتانی، نەخۆشی یا بەڵێن و گرێبەستگەلێك كە بە ئاسانی هەڵناوەشێندرێنەوە دەردەكەون و زۆربەی كاتەكان پیاوێكی بەساڵاچوو لەگەڵ ژنێكی لاو یا تەنانەت كچێكی لاو، بەسەرهاتەكە پێكدێنن. لە رۆمانی "سەد ساڵ تەنیایی" دا ئۆرلیانۆ باندیا لەگەڵ لەشفرۆشێكی كەم تەمەن رووبەڕوو دەبێتەوە.

كچێكی لاوی دووڕەگە بە جووتێك مەمكی بچووكەوە لە سەر تەختەكە خەوتبوو. ئەو شەوە بەر لە ئۆرلیانۆ شەست و سێ كەسی تر چووبوونە ناو ئەو ژوورەوە. بۆ هۆی زۆر بوونی هەناسەكان و ئارەقەی لەش، هەوای ژوورەكە بۆنی قەوزەی گرتبوو. كچۆڵەكە سەرێكی پەڕۆیەكی خووساوی گرت و داوای لە ئۆرلیانۆ كرد كە سەرەكەی تری بگرێ. پەڕۆكە وەك لبادێك قورس ببوو. ئەوەندەیان هەڵگلۆفی و چوڕاندیانەوە تا پەڕۆكە هاتەوە سەر كێشی خۆی. ئۆرلیانۆ نیگەرانی كردەوەگەلێك بوو كە قەت كۆتاییان نەدەهات.

بارودۆخی جەستەیی و ژیانی كچە جێگای بەزەیی یە.

رەقەڵە بوو و پێستی لەشی بە پەراسووەكانێوە دەنووسا و بە هۆی ماندوویی لە رادەبەدەر، زۆر بە سەختی هەناسەی دەردەهات. دوو ساڵ لەمەوبەر، لە شوێنێك زۆر دوورتر لەو شوێنە، لە كاتی خەوتن دا مۆمەكەی نەكوژاندەوە و كاتێك لە خەو هەستا كە گڕی ئاگر هەموو شوێنێكی گرتبۆوە و شوێنی ژیانی ئەو و دایەگەورەی بوو بە خەڵووز. لەو كاتەوە دایەگەورەی لە شارێكەوە بۆ شارێكی تر دەیگێڕێ و لە بەرامبەر تەنیا بیست سێنت دا دەینێرێتە لای پیاوان بۆ ئەوەی خەسارەتی خانووەكەی قەرەبوو بكاتەوە. بە پێی ژماردنی خۆی، لە تەمەنی دە ساڵییەوە هەر شەوەی لەگەڵ حەفتا پیاو خەوتبوو. چونكە دەبوایە بە هەرشێوەیەك پارەی سەفەر و بژیوی ژیانی هەردووكیان دابین بكرایە.

ئۆرلیانۆ بە هۆی غەدرێك كە لەو كچە دەكرا دڵی پڕ دەبێ و بە گریانەوە لە ژوورەكە وەدەر دەكەوێ. ئەو ئاشق بووە. /ئەوە بۆچوونی ئێوەیە/ ئەو بە شێوەیەكی بەرخۆدان هەڵنەگر، هەست دەكا ئەو كچەی خۆش دەوێ و دەبێ بەرگری لێ بكات. بەرەبەیان لە ژێر تەوژمی تا و بێتاقەتی دا بڕیار دەدا زەماوەندی لەگەڵ بكا و لە خاوەنداریێتیی دایەگەورەی و ئەو چێژەی كە هەرشەو دەبێ بە حەفتا نەفەری ببەخشێ رزگاری بكات. وەها پێكهاتوویەكی(تركیب) نامۆ لە لە ناپاكی و فریو كە وەك دیارە بە نیسبەت بەستێنی كۆلۆمبیایی سەردەمی لاوێتیی نووسەر لە چەمكە كۆمەڵایەتییەكاندا زۆریش نامۆ و كەم شێوە نەدەهاتە بەر چاو، پێنج ساڵ پاشتر لە چیرۆكی

درێژی "چیرۆکی سەمەرە و خەمباری ئێرێندیرای ساویلکە و دایەگەورەی دڵرەقی" بە پێی سیناریۆیەك لە هەمان نووسەر کرا بە فیلم. ناوئاخنی کاتۆلیکی لەمەڕ شەهید بوونی ئێرێندیرای ساویلکە و بێ ئازار و جەخت کردن لەسەر ئەوەی کە ئەو لە لایەن ئۆلیسەوە رزگار دەکرێ، لایەنی چیرۆکی ئیشەکەی بەهێزتر کرد.

کچەکە بە جووتێك چاوی دەریایی و رواڵەتێك کە فریشتەیەك لە ناوی دا شاردراوەتەوە و دایەگەورەیەك لە ئەوپەڕی دەروون پیسی و بە لەشێکی قەڵەوەوە کە خاڵێکی ناشیرینی لە سەر شانی داکوتاوە وەك ئەوەی خوێنێکی چەور و سەوز، پێکهاتوو لە هەنگوین و نەعنا لە دەمارەکانی بێتە دەر.

کاتێك کە بۆ یەکەم جار لەگەڵ ئێرێندیرا رووبەڕوو دەبینەوە، تازە پێی ناوەتە تەمەنی چاردە ساڵی. شوێنێك کە سیروامارياداوتاس لۆس ئانجلێسیش ـ قارەمانی رۆمانی "ئەوین و شەیتانەکانی تر" ـ لە سەرەتای کتێبەکەدا تەنیا دوازدە ساڵی تەمەنە. دایکی دوو ڕەگەیەکی کەوی نەکراو، فریودەر، دڕندە و بێ حەیا بە شەهوەتێك کە تێر بوونی بۆ نەبوو و دەیتوانی یەکەیەکی سەربازی دابمرکێنێتەوە. باوکێکی ژنانیلەی هەیە کە خەریکە دەمرێ و چونکە مشکەکان لە خەودا خوێنی دەخۆنەوە، هەموو دەم زەرد و رەنگ بزرکاوە. بە هۆی ناشارەزایی و دەستکورتی و نەبوونی خۆشەویستی لە لای بنەماڵەکەی، ئەو لە ناو خراپەی کەسانێك کە زۆربەیان کۆیلە و قەرەجن پەروەردە دەکرێ. زمانی ئەوان فێر دەبێ. سەما کردنیان، ئایین و جۆری خواردەمەنییان. بەرچاوترین تایبەتمەندیی ئەو قژێتی کە وەك مس زەردە و هیچ کات کورت نەکراوەتەوە. قژی بە قەیتان دەبەستێ بۆ ئەوەی لە کاتی پیاسە کردن دا لە دەست و پێی نەهاڵێن. لە ساڵرۆژی لە دایك بوونی دا سەگێك هێرشی بۆ دەبا و ئیتر هیچ کات ئاسەواری نەخۆشی وازی لێ ناهێنن. هەموو کردەوە پزیشکییەکان بێ دەرئەنجام دەمێننەوە و هیوا و ئیرادەی بەرەو داڕمان دەچێ. قەشەیەك کە ئاگاداری نەخۆشییەکەی ئەوە لە ناکاو تێدەگا کە ئەوینداری ئەو بووە بە شێوەیەك کە تا ئێستا هیچ کەسێکی تری لەو دنیایە دا خۆش نەویستووە. بەو پێیەش، گیتانۆ دلائورا، قەشەی سی و شەش ساڵە بە هۆی ئەو ئەوینەوە، خەریك دەبێ لە کلێسا دەربکرێ. سەرئەنجام دلائورا ئەوینی خۆی لە لای ئەو کچە ئاشکرا دەکاو دانی پیا دەنێ کە هەموو کات و ساتێکی لێورێژە لە خەیاڵی ئەو، هەر شتێك کە دەیخوا و دەیخواتەوە تامی ئەو دەدا. هەموو کات و هەموو شوێنێك و ئەوپەڕی چێژی مەرگ لەبەر خاتری ئەوە. بە پێی شرۆڤەی دێنیس رۆزە مۆنت، تاکوو ئێستا پێشاندانی ئەوینێکی ئاوەها رۆمانتیك لە شێوەی لە دین وەرگەڕانێکی کاسۆلیکی بە دەگمەن روویداوە و بە پێی سنووربەندیی مارکێز، تۆخمی لەشفرۆشیی لە دەرکەوتن و خۆنواندنی ئەوین دا بە پێویست زانیوە.

سیروا ماریا بە تاوانی هەرزەیی مەحکووم دەکرێ کە لە پەرستگە نشتەجێ بێ. کڵاوێکی قۆڕی رازاوە بە نەواری رەنگاوڕەنگ و بریقە دار دابین دەکرێ و سەرۆکی پەرستگە لە ئەوپەڕی بێ رەحمی و تووڕەیی دا ئەو کڵاوی هەرزەیی یە دەکاتە سەر ئەو کچۆڵەیە. لە لایەکی ترەوە، بە دواداچوونی بەردەوامی قەشە لە شوێنی ئاگاداری و ژیانی کچە دەبێتە هۆی ئەوەی کە تاوانی سۆزانییەکی دووگیان بدەنە پاڵی. ئەو جووتە دوور لە یەکتر دەمێننەوە و ئازارەکانی خۆشەویستی تاقی دەکەنەوە، لە کاتێکدا کە کچە هەروا بە کچێتی، چاوەڕوانی بە یەك گەیشتن دەبێ.

سیروا ماریا بڕیار دەدات هیچ شتێك نەخوات و نەخواتەوە و لە ڕێگای ئەوین دا خۆ بداتە دەست مەرگ و لە ئاكام دا كاتێك كە ڕاهیبەیەك خەریكی هەڵپاچینی قژی دەبێ تێدەگا كە ئەو مردووە.

"تاڵە مووی تازە ڕوواو وەك تۆقلەیەك لە سەری تاشراوی ئەو دێنە دەرەوە و شەپۆلێك لە زولفی مسینی تۆخ، لە پشتە سەریەوە دادەڕژێتە خوار".

ئەو ڕستەیە لە پێشەكیی كتێبی گابرێیل گارسیا ماركێز دا هاتووە.

ڕۆمانە نوێیەكەی ئەو، واتا "بیرەوەرییەكانی سۆزانییە خەمبارەكەی من" كە دوایین بەرهەمی چیرۆكنووسیی ئەو نووسەرە لە دە ساڵی ڕابردوو دایە، تەنیا سەد و پازدە لاپەڕەیە. دیسانیش سۆزانییەكی كەم تەمەن دەبینین (تازە بۆتە چاردە ساڵان) كە بە ڕووتی لە سەر دۆشەگێكی تەڕ و شێدار ڕاكشاوە و ئەوجار تەڕایی و شێ لە دڵۆپە بریقەدارەكانی ئارەقەی لەشی ئەو دروست بووە و كەسی ئەویندار هەمان وەگێڕ و قارەمانی بێ ناوی چیرۆكە كە نەوەد ساڵی تەمەنە و ماركێز زۆر مامۆستایانە ڕستەكانی سەرەتایی چیرۆكەكە ئاوا دەخوڵقێنێ: "لە سەرەتای چوونە ناو نەوەد ساڵەییم دا، دەمهەویست تامی ئەوینێكی وەحشی و بەسەربردنی شەوێكی تەواو لەگەڵ كچێك دا، بكەمە دیاری بۆ خۆم".

ئەگەرچی نووسەر خۆی لە ساڵی 1927 لە دایك بووە و ئێستا بەرەو هەشتا ساڵی دەڕوا بەڵام وێدەچێ زۆربەی ئەو وردەكارییانەی لەو چیرۆكە دا باسیان لێ كراوە، لە ئەزموونە كەسێنییەكانی خۆی سەرچاوەیان گرتبێ. قارەمانی كتێبەكە نووسەرێكە كە لە نزیك پەنجا ساڵ لەمەوبەرەوە، گۆشەیەكی لە ڕۆژنامەی ناوچەیی "ئەلدیارۆدلاپازا" دا هەیە. حەزی لە خوێندنەوە و نووسینە بە تایبەت ئەدەبیاتی كلاسیك. لە ماڵەوە كۆمەڵەیەكی زۆر بە نرخی قامووسی هەیە. حەزی لە مۆسیقای كلاسیكیشە و كۆلێكسیۆنێكی بچووكیشی لەو بەرهەمانە كۆ كردۆتەوە. شارێك كە لێی دەژی وەك خودی قارەمانەكە بێ ناونیشانە بەڵام هەڵكەوتەی شوێنی ئەو شارە تەنیا بیست كیلۆمەتر لە ڕۆباری "گریت ماكدالنا" دوورە كە دراوسێی "ئاراكاتاكا" واتا شارەكەی ماركێزە. وەگێڕ دەگێڕێتەوە كە سی و دوو سەڵەیی ئەو هاوكات بوو لەگەڵ مردنی باوكی و ڕۆژێك كە پەیمان نامەی "نیرلاندیا" واژۆ كرا واتا ساڵی 1902. كە وایە قارەمانی ئێمە لەدایك بووی 1870یە و لە ساڵی 1960 دا دەگاتە تەمەنی نەوەد ساڵی. ئەو دەڵێ كە كەسێكی لاواز و شەرمنە و بە درێژایی ژیانی تەنیا لەگەڵ ژنە سۆزانییەكان دا خەوتووە. قەحبەیەكی لەكار كەوتوو لە ناو پاس دا سەری قسەی لەگەڵ دەكاتەوە و ئەو كچۆڵەیەی پێ پێشنیار دەكا. ئەو هیچ كات زەماوەندی نەكردووە و لە ناو ماڵەكەشی دا هیچ حەیوانێكی ڕانەگرتووە. خزمەتكارێكی گوندنشینی بە ئەمەگ بە ناوی "دامیانا" ئیشی ماڵەوەی بۆ دەكا و هەمیشە بە سەری پەنجە دەڕوا، بۆ ئەوەی لە كاتی نووسینی پیرەپیاو دا، هیچ گرفتێك ساز نەكات. ئەگەرچی باری ئابووریيەكەی باش نییە بەڵام هەوڵ دەدا ڕواڵەتێكی جێگای پەسندی هەبێ بە شێوەیەك كە خەڵكانی نامۆ، بە چاوی ڕێز و بە دوور لە بەزەیی پێداهاتن لێی دەڕوانن.

شێوازی نووسینی ئەو دەقە، دەربڕی قەڵەمی ڕازاوە و هەڵكەوتەی بەرهەمەكانی ماركێزە كە لە وەرگێرانی شارەزایانەی "گراس.مەن"یش دا بە جوانی دەناسرێتەوە.

"بیرەوەرییەکیانی سۆزانییە خەمبارەکەی من " لە رووی کورت بێژی و فەلسەفەی ناوئاخن و شـاراوەی{دەق}، وەبیرهێنـەری ناودارگـەلێکی ئـەمریکای لاتـین وەك "ماکـادۆ ئاسـیس" و "ئـالوارۆ مۆتیس" ــە کـە زۆر بـە رەوانـی و بـە چێژەوە دەخوێندرێتـەوە. ئەگـەرچی رەنگـە لـە هێنـدێك بـوار دا لەگـەڵ کـەلتووری خـەڵکی ئێمـە یـەك نەگرێتـەوە بـەڵام هەرچییـەك بـێ، بەدواداچوونی هەر ئـەو حـەز و هۆگرییانەیـە کـە لـە تەمـەنی بیست ساڵەیی مارکێزەوە چاپ و بڵاو بوونەتەوە.

ئەو کچەی کە "رۆزا کابارکاس"، ژنە سەرۆکی بە ئەزموونی قەحبەخانـە، بۆ مشتەریی پیری خۆی دیاری کردووە، کچێکی فەقیرە کە بژیوی ژیانی دایکی فەلـەج و براکـان و خوشکەکانی، بەو پارە کەمە دابین دەکات، کە لە رێگای قۆپچە لێدان لە کارخانەیـەکی جل و بـەرگ وەدەسـتی دێنێ.

رۆزاکابارکاس بە پیرەپیاو دەڵێ کە کچە زۆر لەو کارە دەترسێ. چونکە یەکێك لە هەڤاڵەکانی لە کاتی لابردنی پەردەی کچێنی، بە رادەیەك خوێنی لەبەر رژابوو کە وەختابوو بمرێ. هـەر بـەو هۆیـەش بـۆ ئـارام کردنـی ئـەو دەرمـانی ئارامبەخشـی دەرخـوارد دەدا و لـە ئاکـام دا، شـەوی قارەمانی چیرۆکەکەمان، بە سـەیر کردنـی خـەوتنی کچۆڵەکە تێپـەڕ دەبـێ. مەمکـەکانی کـە تـازە دەردەهاتن هێشتا وەکوو مەمکی کوڕان بوون بـەڵام لەبـەر تـەوژمی هێزێکی شـاراوە، ئامادەی پشکوتن بـوون. سەرنجڕاکێشـترین بەشـی لەشـی، پەنجـەی درێژ و قامکـە رێك و ناسکەکانی بـوون. ئارایشـی تونـد و زریقـە و بریقـەی خـۆ ڕازاندنـەوە نەیانـدەتوانی تەمـەنی کـەمی ئـەو بشارنەوە. لووتێکی لەخۆباییانـە، جووتێك بـرۆی تووکن و لێوی قەڵـەو و گۆشـتن. دەکەوتمـەوە بیری کەڵەکانی مەیدانی گا بازی.

دیداری دواتری ئەوانیش هەر بەو دەستوورە روویدا. لـە بـەر مانـدوویی لـە رادەبـەدەری خـەوی لێکەوتبوو. پیرەپیاوی نەوەد ساڵە، لە پەنا نوێنەکەی راکشاوە. گوێ گرتن لە دەنگی هەناسەکانی. هێندێك جار وەها لاواز، کە بترسێ و گوێ لە ترپەی دڵی بگرێ بۆ ئـەوەی دڵنیا بـێ کـە هێشتا زیندوویـە. بـەریانی خـوێن لـە نـاو دەمارەکـانی دا ببێنێتـە بـەر چـاو. بـەریانێك کـە لـە گـەلێك لقـی جیاوازەوە، بە ناو شاراوەترین بەشەکانی لەشی دا تێپەڕ دەبوو و سەر لە نوێ دەگەڕاوە ناو دڵی و بە ئەوین روون دەبۆوە.

بـە چ ئـەوینێك؟ رەنگـە بـە ئـەوینی ئـەو کـە لـە حـەزێکی دەروونییـەوە سـەرچاوەی دەگـرت. بـە درێژایی ئەو چەند کاتژمێرەی کە لە کاتی خەو دا کتێبی بۆ دەخوێنێتەوە و شێعری بۆ دەڵێ، هیچ کات نابینن کچە بەخەبەر بێ یا خود لە وڵام دا قسەیەك بکات. ئەگەرچی لە کۆتاییەکی خۆش دا، هەواڵی ئاگادار بوون و هەست کردنی کچۆڵە لەو کات و ساتانەمان دەداتێ.

لـە دووهـەمین شـەوی بـوون لـە پـەنا نـوێنی کچـە، پیرەپیـاو لـە رۆزاکابارکـاس و ئـەوانی تر کـە شایەدی حاڵەتگەلێکی تایبەتی رۆحی و دەروونیی ئەو بە خاتری ئەو سۆزانییە لاوە بوون، خۆی دوور دەخاتەوە. جوانی خەوتوو دەبێ هەر لـە خـەو دا بمێنـێ و جوانییەکـەی بـەو شێوەیە واتـای دەبێت، بەڵام ئەگەر ماچێك لە خەوی هەستێنێ، چ روودەدا؟

وەگێڕی چێرۆك، بە تەمای ئاشكرا كردن و دەرخستنی لایەنە رەش و نەگریسەكانی لەشفرۆشی نییە، یا خود نایهەوێ لە مەڕ كۆیلەیی و ئەو سیستەمە زاڵمانە ئابوورییە دا كە كچانی لاو مەجبوور بە فرۆشتنی كچێنییەكەیان دەكات، لێكۆڵینەوە بكا و لێرەدا تەنانەت ئەو بابەتە ئەخلاقیانە پەیوەندییان بە باسە سەرەكییەكەوە نییە. لە دایك بوونێكی نوێ، بە هۆی ئەوین و ئازارەكانی، لە كەسێك دا، تەوەری سەرەكیی بابەتەكەیە.

"كەسێك كە لە كۆتایی دا، لە كۆت و بەندی كۆیلەیی رزگاری بوو و منی كردە دیلی خۆی، تەنیا سیزدە ساڵی تەمەن بوو". وەگێڕ جارێكی تر خوێنەر دڵنیا دەكاتەوە كە لە تەمەنی نەوەد ساڵی دا، هێشتا هەر زیندوویە و بە خۆڕاگری لە بەرامبەر ئازارەكانی ئەوین دا، شێلگیرانە هەوڵی سەلماندنی ئەو شتە دەدات.

لە "بیرەوەرییەكانی سۆزانییە خەمبارەكەی من" دا، ئەوین زیاتر كاریگەریی نەخۆشی و تەمەنی بە سەرەوەیە. دیمەنگەلی شاراوە، خەمێكی نادیارمان بۆ ئاشكرا دەكەن. "دڵم لێورَێژ دەبێ لە بارستاییەكی تیزابی كە هەناسە هەڵكێشانم بۆ دژوار دەكات و حەز دەكەم خۆم لە پێشدا بمرم."

هەر بەو شێوەیەی كە هێندێك جار لە مەڕ كەسانی بەساڵاچو دا، ئەوینێكی وەها هەژێنەر و رووخێنەر روو دەدا، لێرەش دا هەستی واقیعیی وەگێڕ، پێشگیری لە بە لاڕێدا چوونی ناكات. "مانگی تەواو لە نیوەی ئاسمان سەردەكەوێ و وەك بڵێی جیهان، شەلاڵی ئاوێكی سەوز دەكات." ریالیسمی جادوویی هەمیشە تێكەڵ بە تێكشكانی توێژەكانی ژێرەوەی بیرەوەریمان دەبێت.لە مەڕ ئەوینیش دا هەر بەو شێوەیەیە.

"لەمەودوا ئەو لە ناو بیرەوەرییەكانمدا هەڵدەگرم. زۆر بە ئاشكرایی. دەتوانم هەموو كارێكی لەگەڵ بكەم. دیتن و دەست پێداهێنانی بە شێوەی زیندوو لە لەشی دا. ئەو لە ناو بیرم دا راستەقینەتر و زیندوو ترە. تێدەگەم كە ئەو لە رابردوو دا كەمتر بۆ من راستەقینە بوو لە چاو ئێستا كە لە بیرەوەرییەكانم دایە".

بە پێی تیۆریی "رۆزە مۆنت" و "فرۆید" (نامیلكەی ساڵی 1912 "باوترین شێوەی داكشان لە ژیانی ئێرۆتیك دا") ، ژن تەنیا لە لەش دا بوونی هەیە. هاوسەر و زڕدایك بە هەموو ئاڵۆزییە عاتیفی و پێداویستییە زەختامێزەكانیانەوە، لە چاو ژنێك كە بە پارە دەكەوێتە ژێر دەستمان و بە پێی ویستی ئێمە دەجووڵێتەوە، وارسكەی سێكسیی كەمتریان هەیە. لە رۆمانی "ئەوین و شەیتانەكانی تر" دا، ئەو رواڵەتگەلە فریودەرە لە قاڵبی شازادەیەكی بچووك و بێكەس كە بێ خاوەن و بێ ناونیشانە، دەردەكەوێ. لە رۆمانی "بیرەوەرییەكانی سۆزانییە خەمبارەكەی من" دا، كچێكی فەقیر و لە چینێكی خوارەوەی كۆمەڵگا، لە خەو دا خۆی دەدا بە دەستەوە. لەشی بە بێ قسەی، دەربڕی سەرسوڕمان و خولّقاندنی ژیانە.

لە یادەوەری راگرتنی وارسكەیی ئەوین بە كەسێك، لە داڕماندنی بەرەبەرەی ژیان بۆ پیرە بە ساڵاچووە رەوشت پیسەكان، شتێكی نامۆ نییە. ئەو بەریانە، بۆ چەند ساتێك شوێنگۆڕكێ بە یادەوەری دەكا و دەنگێكی بە ئەسپایی كە لە گوێی وەگێڕی ئێمە دا دەزرینگێتەوە: "گرینگ نییە كە چ دەكەی. بە هەر حاڵ ئەمساڵ یا خود لە سەد ساڵی داهاتوو دا بۆ هەتا هەتایە دەمری"

ماركێز لە تەمەنی هەشتا ساڵەیی خۆی نزیك دەبێتەوە و هێشتاش زیندوویە و بە هەموو لایەنە سەرنجڕاكێشە دەروونی و نائاسایی و قسە خۆشیی ئوستوورەیی خۆیەوە دەنووسێ. نامەیەكی ئەویندارانە بۆ نوورێك كە خەریكە دەمرێ.

*********